# قەلەڕەشی شاهانە

١. قرت! هێلکەکە ناڵەی کردو کرایەوەو (کراوفۆرد)ی لێ هاتەدەرەوە. «ئەوەتام!» قیڕاندی، بەڵام وەڵام نەبوو. دایکی لەوێ نەبوو، چووبوو بۆ پەیداکردنی خواردن. ئەو تەنیابوو کەسی لێ نەبوو بیکات بە هەرا بۆ هاتنی ئەو. پاشان تووشی بێ ئومێدییەکی گەورەتر بوو.





هانس ویلهێلم
لەئینگلیزییەوە: ئەژین ئەکرەم



٢. کراوفۆرد بینی کە شێوەیەکی بێزارکەری هەیە، هەروەک قەلەڕەشەکانی تر.
لە قوڵایی دڵییەوە هەستی دەکرد ئەو تایبەتە.
هەوڵی دەدا ئەوە پیشانبدات کە ئەو جیاوازە.
وتی: «تەماشام بکەن!».
بەڵام کەس سەرنجی نەدا.



٣. لەسەرەتادا کراوفۆرد زۆر تووڕەبوو، بەڵام ئەوە یارمەتی نەدا. پاشان بەزەیی بەخۆیدا دەهاتەوە. هەرکاتێک پەڕەکانی خۆی دەبینی، ئاواتەخوازبوو جیاوازبوایە. «بۆ لە وەردەک ناچم؟ یان لە کاردیناڵ؟ یان لە هەڵۆ؟ یان با لە دارکونکەرەیەکی گەوج بچوومایە. هەرچییەک بوومایە، لەمە باشتر دەبوو.»

*وەردەک: جۆرێکی قازە.
*کاردیناڵ: جۆرە باڵندەیەکە لە ئەمریکای باکوور هەیە.




٤. هەموو ڕۆژێک کراوفۆرد بیرۆکەیەکی تازەی دادەهێنا، بۆ ئەوەی شێوەی باشتر بکات، بەڵام بێسوودبوو، هیچ شتێک بۆ ئەو ڕاست و دروست نەبوو.
«دەبێت شتێکی کاریگەرتر بکەم!»
ئەمەی وت و فڕی بەرەو قوڵایی دارستان.



٥. لەوێ چووە لای پیرەژنێک کە بەتوانا تایبەتییەکانی ناسرابوو.
کراوفۆرد یەکسەر پێیوت: «هەرچییەکت دەوێ بۆت دەکەم، ئەگەر وام لێ بکەیت جیاوازبم. هەندێک ڕەنگ و بریق و باقم دەوێت!»
پیرەژنەکە بە بۆڵەبۆڵ وتی:«قەلەڕەشێکی گەوجی وەک تۆ، دەتوانێت چی بکات بۆ من؟ تۆ هیچ باش نیت.»و وەستا.
«بەڵام....» پیرەژنەکە بەردەوامبوو لە قسەکانی «دەتوانم هەندێک لە پەڕەکانی کلکت بەکاربهێنم، بۆ ئەوەی ئەم گیراوەیەی پێ سەرنجڕاکێش بکەم.»
«زۆر چاکە» کراوفۆرد ئەمەی وت و هەندێک پەڕی درێژی لە کلکی ڕاکێشاو دای بە ژنەکە.



٦. ئابرا کادابرا، شالووو-کالوووو، شالییی-کالییی!» پیرەژنەکە ئەم وشە جادووییانەی وت و پاشان زرم، بوووم.... کراوفۆرد گۆڕا بە باڵندەیەکی دڵڕفێن کە پەڕەکانی بریقەیان دەدایەوە.
کراوفۆرد هاواری کرد کاتێک خۆی بینی : «ئەڵڵا».
پیرەژنەکە وتی: «هیوادارم زیادەڕۆییم تێدا نەکردبێت». پاشان کراوفۆرد، بێ ئەوەی سوپاسی پیرەژنەکە بکات، فڕی بۆ لای هاوڕێکانی.



٧. هاواری کرد: «تەماشام بکەن! تەماشام بکەن!». باڵەکانی بڵاوکردەوەو بەفیزەوە هەڵبەزو دابەزی دەکرد و دەنوکیشی بەرزکردبووەوە.
قەلەڕەشەکانی تر وتیان: «ئەم باڵندە شێتە کێیە؟»، بەڵام ئەوان زۆر بە ڕەوشت بوون هیچیان نەوت.
«ئەوە منم! کراوفۆرد! تەماشام بکەن ئێستا چەندە جوانم!»
قەلەڕەشەکانی تر بە بێدەنگی وەستابوون تەماشایان دەکرد.
کراوفۆرد بەفیزەوە دەیوت: «من تایبەتم! من بێ هاوتام!». «ئەم جوانییە نابێت لە دارستانێکی تاریکدا بشاررێتەوە. باخی شاهانە باشترین شوێنە بۆ من!» لەگەڵ وتنی ئەم قسانە فڕی بەرەو کۆشکی پاشا.



٨. هەر کە کراوفۆرد نزیکبوەوە لە باخی شاهانە، لەلایەن میرخاتوونەوە تێبینی کرا. «تەماشای ئەو باڵندە نایابە بکەن» میرخاتوون هاواری کرد:
« مەهێڵن دوورکەوێتەوە! دەمەوێت!»



٩. کراوفۆرد گیراو بە زنجیرێکی ئاڵتوون بەستیانەوە. میرخاتوون بەشانازییەوە ئەم گەنجینە نوێیەی نمایش دەکرد. کراوفۆرد گوێی پێ نەدەدا. بەهەرحاڵ ئەو ئێستا یەکێکە لە ئەندامانی خێزانی پاشایی.
لەوە زیاتر ئاواتەخوازی چی بێت؟ ئەو ئێستا هەموو شتێکی هەیە: جوانییەکی بێ وێنە، گرنگی پێدانێکی زۆر، هەروەها شوێنێکی دڵڕفێن کەلێی دەژی!

١٠. بەداخەوە، قەلەڕەشی شاهانە هیچ شتێکی دەربـــارەی شێوازی نـــان خـــواردن نەدەزانی. زۆری لە ناوبانگەکەی لەدەستدا کاتێک بووە هۆی دروستبوونی هۆسەیەکی زۆر لە ژووری نانخواردنی شاهانە.
دەرکرایە دەرەوە.
پاشا فەرمانیدا بە قەدەغەکردنی هەموو باڵندەیەک لەسەر مێزی نانخواردن تەنانەت باڵندەی برژاوو کولاوو سورەوەکراویش.





١١. کراوفۆرد دوورخرایەوە بۆ قەفەزێکی گەورەی ئاڵتوونی، کە بەتەنها لەباخی شاهانە دانرابوو.



١٢. خزمەتکارەکان خواردنیان بۆ دەبرد، بەڵام کەس نەدەچوو بۆ بینینی. مەگەر بەدەگمەن کەسێک لەوێوە بڕۆشتایە و دەیوت: (ئای چەند باڵندەیەکی جوانە)، بەڵام ئەم پیاهەڵدانە ئەوی هیچ دڵخۆش نەدەکرد. ڕۆژ بە ڕۆژ کراوفۆرد دڵتەنگترو خەمبارتر دەبوو. باڵندەکانی تری دەبینی کە لەوێوە دەفرین، ئەمیش ئاواتی دەخواست لەگەڵیان بێت.
هەر ئەوەی دەویست سەربەست بێت.
ئارەزووی خواردنی نەمابوو، تادەهات لاوازترو لاوازتر دەبوو.

١٣. ڕۆژێک ژنێکی پیر هات بۆ باخەکە شلیکی دەفرۆشت.
ژنە پیرەکە وتی: «ئەو باڵندەیە چەند خەمبارە، بۆ ناهێڵن بڕوات؟»
میرخاتوون وتی: «نا، نا ئەم باڵندەیە زۆر بەنرخە. لە هەموو شانشینەکە باڵندەیەکی دیکەی ئاوای لێ نییە کە پەڕەکانی هێندە بریقەداربن»
ژنە پیرەکە وتی: «بەڵێ، تێگەیشتم کەواتە ئێوە لەبەر ئەم بریق و باقەی گرتووتانە»
لەپڕ کراوفۆرد تێگەییشت دەبێت چی بکات بۆ ئەوەی جارێکیتر سەربەستییەکەی بەدەست بهێنێت.





١٤. یەک یەک دەستیکرد بەلێکردنەوەی هەموو پەڕە جوانەکانی. کاتێک میرخاتوون بەم شێوەیە بینی هاواری کرد:
«ئەو باڵندە ناشرینە دووربخەنەوە لەبەرچاوم!»
کراوفۆرد ئەوەی دەویست. پاسەوانەکان دەرگای قەفەزەکەیان کردەوە، لەکۆتاییدا کراوفۆرد دووبارە سەربەست بوو.

١٥. بەدڵنیاییەوە ئێستا کراوفۆرد شێوەی جیاواز بوو، بەڵام ئەو نیگەران نەبوو.
کراوفۆرد وتی : «پەڕەکانم نەشونمادەکەنەوەو هیچ گوێ نادەمێ گەر ئاڵتون، زیو، مۆر، هێڵدار، پەڵەپەڵە، یان هەر ڕەشی سادە بن.»
و هاوڕێکانیشی گوێیان نەدەدایە ئەوە.



